# ڕاگەیەندراوی ژمارە 6

پاش تێپەڕ بوونی 25 ڕۆژ بە سەر مانگرتنی پەنابەرانی کوردی ئێرانی لە تورکیە کومیساریای بەرزی پەنابەرانی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان هێشتا بێدەنگە و سیاسەتی خۆ گێلکردنی گرتوەتە پێش!
هەر چەندە باری تەندروستی پەنابەران ڕۆژ لە دوای ڕۆژ ڕوو لە خراپتر بوونە و ڕۆژانە ژمارەیەکیان ئەگوێزرێنەوە بۆ نەخۆشخانە بەڵام دیسانەوەش پێداگری لە مەڕ درێژەی مانەکەیان بووەتە هۆی زۆر بوونی ژمارەی مانگرتووان و ڕۆژانە لە شارەکانی دیکەش پەنابەران بۆ پشتگری و پالپشتی کردنی مانگرتووانی شاری "وان" و پێداگری لە سەر داواکانیان مان لە خواردن ڕادەگەینن. ئەوا لە شاری "ئەسکی شەهیر" 7 کەس ، "ئافیون" 2 کەس و "قارەمان" 2 کەس چەند ڕۆژە دەستیان پێکردوە!
زۆربوونی ڕۆژانەی ژمارەی ئەو مانگرتووانە نیشاندەری ترسی ئەو گرووپەیە لە نیزیك بوونەوەی وادەی دوایی مۆڵەتی مانەوەیان لە تورکیە کە نیزیك بە ساڵ و نیوێك درێژەی هەبووە و ئێستا لە کوتایی دایە و UNHCR یش وەکو بەرپرسیاری چارەنووسی ئەو 1200 پەنابەرە گوێ خۆی لە ئاکامە دیارەکانی خەواندوە ؟! 2 مانگ پێش تەواو بوونی ئەو ماوەیە و لە 3 حەوتوو ڕابردووەوە پولیسی تورکیە بە پەنابەرانی ڕاگەیاندوە کە پێش دووایی هاتنی مۆڵەتی مانەوەکەیان و پێش لە هەر کردەوەیەکی تورکیە ، بە ویستی خۆیان خاکی ئەو وڵاتە بە جێ بهێڵن!
پێویستە بوترێتەوە کە ماوەی مانەوەی کاتیی ئەو 1200 پەنابەرە کوردە ئێرانی‌یە لە دەرەوەی یاساکانی تایبەت بە پەنابەران لە تورکیە و لە ژێر یاسای 5683(مەرجەکانی تایبەت بە مانەوەی خارجی‌یەکان لە تورکیە دا) درێژ کراوەتەوە کە ئەوە خۆی نیشانەی خۆدزینەوەی کومیساریای بەرزی پەنابەرانی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکانە لە بەرامبەر چارەنووسی ئەوان دا و ئێستاش لە بەرە بەری کوتایی هاتنی دا دیسانەوە هیچ کارێك بۆ پێشگرتن لە ئەگەری دیپۆرت بوونەوە یان( ئەویش پاش 4 ساڵ چاوەڕوانی و وێڕای هەبوونی بەڵگەی قەبووڵی داوای پەنابەری‌یەکەیان لە ساڵ و نیوێك لەمەو پێشەوە) ناکات !؟
پەنابەرانی مانگرتوو جارێکی دیکە وێڕای پێداگری لە سەر درێژدانی مانەکەیان داوا لە هەموو کۆڕ و کۆمەڵی پارێزەری مافی مرۆڤ ، حیزب و ڕێکخرا و کەسایەتی سیاسی و ماف پەروەر دەکەن تا پشتگری‌یان بکەن و گوشار بخەنە سەر UNHCR بۆ دۆزینەوەی ڕێگە چارەیەکی خێرا و یەکجارەکی بۆ کێشەی ئەو 1200 پەنابەرە لە تورکیە !
2005/06/27
کومیتەی پەنابەرانی مانگرتوو- وان

ناوی مانگرتووان؛
- فیض الله زندی 2- علی ترابی 3- ژیلا شهسواری 4- منصور خالی 5- کمال جانعلی پور6- ابوبکر عزیزی 7- حسن اندرزا 8- ظاهر جامعی 9- خبات قریشی 10- پرویز نعمتی 11- کارو روشنی 11- فرزاد حقپرست
12- جلیل کریمی 13- وریا تکان تپه 14- امید رستم گرجی 15- ناصر عنایتی 16- عبدالله شاه ویسی
17- محمد آزاد صلواتی

لە "ئەسکی شەهیر" ؛
1- فرهاد فاتحی 2- گلاویژ فاتحی 3- جمیل فتحی 4- ابوبکر قادری 5- حسین فقیە 6- قادر فیشال خطایی
7- سام فیضی

لە "ئافیون"؛
1- ایوب امینی 2- نادر عنایتی

لە "قارمان"؛
1- یحیا صوفی 2- خدامراد رستمی